www.kurdistannet.org
14-2-2007 18:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دوای ٢٤ ساڵ زیندانی گەورە سەرکردەیەکی سوپای سووری ئەڵمانی ئازاد کرا ... شەهاب عوسمان

ئەڵمانیا –

ڕۆژی ١٢ / ٢ دادگای باڵای هەرێمی باون – ڤۆرتمبێرگ لە شتوتگارتی ئەڵمانیا بڕیاری مەرجداری ئازادکردنی (بیرجینا مۆبنهاوت) ی تەمەن ٥٧ ساڵی سەرکردەی دیاری ڕێکخراوی سوپای سوری ئەڵمانی دەرکرد ولە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا بڕیارەکە جێ بەجێ دەکرێت و باقی حوکمەکەی بە پێی پرەنسیپە یاسایەکانی ئەڵمانیا لەدەرەوە تەواو دەکات. ئەم بڕیارە لەدوای دراسەکردن و گفتووگۆو لێکۆڵینەوەی دادگای ئەڵمانیەوە هاتوو پێیان وایە کە کە مۆبنهاوت ناگەڕێتەوە سەر کاری سیاسی و تووندوو تیژی و سوپای سووری چەپی ئەڵمانیش لە بەریەك هەڵوەشاوەتەوە.

* قسەکەری ڕەسمی دادگای شتوتگارت ڕونی کردەوە کە لە دانیشتنی ٢٢ / ١ ی مانگی ڕابووردودا دور لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دادگا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە فرسەتێکی باش بۆ موبنهاوت هەیە. دیارە مۆبنهاوت لە دیارترین سەرکردەچالاکەکانی نەوەی دووەمی سوپای سووری ئەڵمانی بووەو تۆمەتبار بووە بە ئەنجامدانی چەندین تاوان و کاری تیرۆریستی، لەوانە ڕفاندنی سەرۆکی ڕابیتەی خوازیارانی کاری ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٧٧ داو دواتر کوشتنی داواکاری گشتی فیدراڵی و سەرۆکی بانکی درێسدن. کۆبنهاوت لە ساڵی ١٩٨٢گیراوەو ٢٤ ساڵە لە زیندان دایەو چەندجارێك داوای لەسەرۆکی ئەڵمانیاکردووە بیبەخشێ و ڕەحمی پێ بکات. شایانی باسە لای سەرۆکی ئەڵمانیا هورست کولەر ئەگەری بەخشینی تاوانبار کریستیان کلار ی ئەندامێکی تری چالاکی سوپای سوور هەیە کە بەشدراری کردبوو لە دەستدرێژی دا بۆسەر بارەگای ناتۆ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.